### ڕێبوار ئەحمەد لەبارەی کۆنگرەی سێیەمی حیزبەوە:

# چاوەڕوانی من لەم کۆنگرەیە ئەوەیە کە بەکردەوە حیزب بکاتە بەدیلی رزگاریی کۆمەڵگای عیراق لە سیناریۆی کارەساتباری ئێستا

**خسرەو سایە: کۆنگرەی سێیەمی حیزب بەریوەیەو لە مانگەکانی داهاتوودا دەبەستریٚ، بەلام بریاربوو ساڵی پار لەمانگەکانی 4 و5دا ئەم کۆنگرەیە ببەستریت، هۆی ئەم دواکەوتنە بۆچی دەگەریتەوە؟**

ریبوار ئەحمەد: لە راستیدا سەرەتا بریار وابوو کۆنگرەی سێیەمی حیزب بە شیوەیەکی نائاسایی لە پایزی سالی 2003 دا ببەستریٚ. واتە دوای تیپەربوونی 10 مانگ بەسەر کۆنگرەی دووەمدا. بەلگەی ئەمەش زۆر رۆشن بوو، چونکە بە دوای شەری ئەمریکا لە دژی عیراق‌و رووخانی رژیمی بەعسدا هەلومەرجیکی بە تەواوی تازە هاتە ئاراوە، هاوکیشە سیاسیەکان گۆرانی گەورەیان بەسەردا هات، کیشەو مەسەلە سەرەکیەکانی کۆمەلگای عیراق گۆران، جیگاوریگای حیزب چ لە رووی سیاسی کۆمەلایەتی‌و چ لە رووی ریکخراوەییەوە گۆرانی بەسەرهات، مەیدانەکانی هەلسوران‌و ئەولەویەتەکان گۆران، دەبوو لە جەرگەی هەلومەرجی تازەداو بەپیٚی جیگاوریگای تازەی حیزب، نەخشەو سیاسەتی تازە بخریتە دەستوری حیزبەوە. بە لەبەرچاوگرتنی گشت ئەوانە بریاردرا کۆنگرەیەکی گەورەی عەلەنی لە بەغدا بگرین‌و بەشداری بۆ هەموو خەلك‌و لایەنە سیاسیەکان تیایدا ئازادبیت‌و کۆنگرە بە پیش چاوی میدیاکانەوە بەریوەبچیت. بەلام بەداخەوە قولبونەوەی هەلومەرجی نا ئەمنی‌و پەرەسەندنی تیرۆریزمیکی هەمەلایەنە بواری ئەم کارەی نەدا.

لەلایەن رابەریی حیزبەوە ئەم وەزعیەتەو ریگریەکانی بەردەمان هەلسەنگیندرا، لە پلنیۆمی 13ی کۆمیتەی ناوەندیدا بریاردرا کە بەستنی کۆنگرە بە هۆی بارودۆخی نائەمنیەوە دوابخریت. بە شیوەیەکی سەرەتایی پلنیۆم وای مەزەندە کرد کە هەولبدریت بخریتە مانگەکانی 4و 5ەوە بەو مەرجەوە کە ئەگەر بارودۆخی ئەمنی گونجاو بیت. پاشان بریاری کۆتایی سپارد بە مەکتەبی سیاسی. بەلام لەو ماوەیەدا بارودۆخی نا ئەمنی تا هات خراپتر بووەوە. بۆیە مەکتەبی سیاسی بریاریدا بەستنی کۆنگرە رابگریت بۆ کاتیکی گونجاو. پلنیۆمی 14ی کۆمیتەی ناوەندیش ئەم بریارەی تەئید کرد.

لە پلنیۆمی 15ی کۆمیتەی ناوەندیدا کە مانگی نۆڤەمبەری رابردوو گیرا، جەخت لەسەر ئەوە کرا کە ئیتر بەستنی کۆنگرە لە هەموو روویەکی سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و ناوخۆیی حیزبیشەوە پیویستیەکە لە دواخستن نایات. بۆیە بریاردرا بە پیٚی نەخشەیەکی تازەو گونجاو لەگەل هەلومەرجەکە لە ماوەی چەند مانگی داهاتوودا ببەستریت.. بە کورتی تاکە فاکتەری سەرەکی لەم دواکەوتنەو گۆرانی نەخشەی بەرپاکردنی کۆنگرە هەلومەرجی نا ئەمنی بوو.

**خەسرەوسایە: هەرلەمبارەیەوە ساڵی پار هەلبژاردنی سەراسەری و محلی نوینەران تەوابوو بەلام ئەم هەلبژاردنە ئیلغاکرایەوە و جاریکی‌تر لەهەردوو ئاستەکەدا هەلبژاردنی نوینەران بریاری لەسەر درایەوە.. هۆی ئەمە چی‌بوو؟**

ریبوار ئەحمەد/ هۆیەکەی ئەوەبوو کە لە نیو ئەم رەوتی ئالوگۆرە گەورەو گرنگانەدا کە بەردەوام کاریگەری راستەوخۆی لەسەر حیزبیش بووە، ماوەیەکی زۆر بەسەر هەلبژاردنی پیشوودا گوزەرابوو. لەم ماوەیەدا نفوزی سیاسی‌و تەشکیلاتی حیزب‌و هەروەها ساختاری سیاسی حیزب‌و جیگاوریگای سیاسی‌و کۆمەلایەتی کادران‌و تەشکیلاتەکانی حیزبیش گۆرانی بەسەر هاتبوو. تەنانەت

ڕیکخراوی محەلی تازەی حیزب پیکهاتوون. ئیتر نەدەکرا ئەو تەرکیبەی کە سالیك‌و چەند مانگ لەمەوبەر وەکو نوینەری ڕیکخراوەکانی حیزب بۆ کۆنگرە هەلبژیردرابوو، ئۆتۆماتیکی وەکو نوینەری ئیستای ڕیکخراوەکانی حیزب چاوی لی بکریت.

لەم ڕوانگەیەوە کاتیك بۆ یەکەمجار لە پلنیۆمی 13ی کۆمیتەی ناوەندیدا باسی بەستنی کۆنگرە چاوی پیداخشینرایەوە وا دانرا کە هەولبدریت لە مانگەکانی 4و 5ی 2004دا بگیریت، کە تا ئەوکات 7 تا 8 مانگ بەسەر هەلبژاردنی پیشووی نوینەراندا تیپەر دەبوو کە لە مانگەکانی سەپتەمبەرو ئۆکتۆبەر 2003دا ئەنجامدرا بوو. پلنیۆم بریاریدا لەسەر ئەوەی کە ئەگەر تا ئەوکات نفوزی تشکیلاتی حیزب دووبەرابەر بووەوە پیویست دەکات هەلبژاردنی نوینەرانیش دووبارە بکریتەوە. بەلام وەکو پیشتر باسم کرد هەل‌ومەرجەکە بۆ گرتنی کۆنگرە بەپیّی ئەو نەخشەیەی لەبەردەست بوو فەراهەم نەبوو.

پلنیۆمی 15ی کۆمیتەی ناوەندی کە بۆ بەستنی کۆنگرە نەخشەیەکی تازەی پەسەند کرد، چ بە پیّی ئەم نەخشە تازەیە کە دەبوو ژمارەی نوینەرانی کۆنگرە کەم بکریتەوە لە 200ەوە بۆ 102، هەروەها چ بە هۆی تیپەرینی ماوەیەکی زۆر (کە تا ئیستا دەکاتە سالیك‌و چەند مانگ) بەسەر هەلبژاردنی نوینەرانی پیشووداو ڕوودانی ئالوگۆری گەورە بەسەر تەشکیلاتی حیزبدا، بریار درا هەلبژاردنی نوینەران لە هەردوو ئاستی سەراسەری‌و محەلیدا دووبارە بکریتەوە.

**خەسرەو سایە: هەروەك باستان کرد ئەمجارە 102 نوینەر دیاریکراوە بۆبەشداربوون لەکۆنگرەی حیزبدا لەکاتیکدا پیشتر 200 نوینەر دانرابوو، هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی نوینەرانی کۆنگرە چیە لەکاتیکدا حیزب لەبارەی ژمارەی ئەندامان و جیگاوریگا و هەلسووراذیەوە ئالوگۆڕی بەسەرداهاتووە؟ ئایا ئەمە گەرانەوەیەك ذیە بۆ دواوە؟**

ڕیبوار ئەحمەد: بیّ شك بە بەراورد لەگەل نەخشەی پیشوماندا هاتنەخوارەوەیە. بەلام هۆی ئەمە تەنها ئەو هەل‌ومەرجە ئەمنیەیە کە لە عیراقدا خولقاوە. لە نیو ئەم هەل‌ومەرجەدا دابین کردنی ئەمنیەتی کۆبوونەوەیەکی وا گەورەو زەمانەتی سەلامەتی بەشداربوان لە ناوخۆی عیراقدا مەسئولیەتیکی گەورەو کاریکی سەختە، لە دەرەوەی عیراقیش لە ڕووی عەمەلیەوە سەختە. بۆیە بەناچاری ئەوەمان تەحەمولکرد کە ڕیژەی بەشداربوان کەم کەینەوە لە پیناو زەمانەتی ئەمنیەتی کۆنگرەو سەلامەتی بەشداربوانداو بەرپاکردنی لە جیگایەکی گونجاودا. بیّ گومان ئەمە لەلایەکی دیکەشەوە سەختی زۆر بۆ ئیمە پیکدەهینیّ، دەزانین کە بەداخەوە بەرتەسکی پیکدەهینیت بۆ بەشداری هاوریانی حیزبی‌و زۆریك لەوانەی کە خوازیاری بەشداری بوونن لەم کۆنگرە تاریخیەدا. وەکو نمونەیەك دەکریّ پەنجە بۆ ئەوە ڕاکیشم کە تەنها بۆ نوینەرانی سەراسەری کۆنگرە نزیکەی 200 کەس لە کادران‌و ئەندمانی حیزب خۆیان کاندید کردبوو. لە کاتیکدا بەپیّی ئەم نەخشەیەی ئیّستا ئیمە ناچاربوین تەنها 30 کەس هەلبژیرین. من بۆ خۆم زۆر سەخت بوو کە لە نیوان ئەم هەموو کادرو هەلسوراوو شەخصیات‌و ڕابەرە عەمەلیانەی حیزبدا تەنها 30 کەس هەلبژیرم. دلنیام بۆ زۆربەی هاوریانیش وابووە. بەهەرحال لەم ڕووەوە ڕاستە هاتنە خوارەوەیەکە بەلام پیم وایە خودی گرتنی کۆنگرەو ئەو ئەرکە سیاسیە گرنگانەی لە دەستوریدایە ڕووداویکی سیاسی گەورەو گرنگە چ بۆ حیزب‌و چ بۆ کۆمەلگای عیراق. بۆیە ئەم کۆنگرەیە بە شیوەیەکی ممکن ببەستریت گرنگترە لەوەی زیاتر دوا بکەویت.

**خەسرەوسایە: هاوری ڕیبوار باس و مەسەلەکانی ئەم کۆنگرەیە چین . ئایا هیچ بەلگەنامەیەکی تایبەت لەبارەی باسەکانی کۆنگرەوە پیشتر دەخریتە بەرباس و سەرنجدانی نوینەرانەوە؟**

ڕیبوار ئەحمە: گەلیك باس‌و مەسەلەی گرنگ لە دەستوری کۆنگرەدا هەیە، هیوادارم بتوانیّ بپەرژیتە سەر هەموویان. باسیکی گرنگ لیکدانەوەو هەلسەنگاندنی ڕەوتی ئالوگۆرە گەورەکانی دوو سالی ڕابردوی عیراق‌و سیاسەت‌و کارکردی حیزب لە نیو ئەم

ڕەوەندەیە. کە ئەمە مەقتەعی کۆنگرەی دوو تا کۆنگرەی سێ دەگریتەبەر. ئەمە بریارە بە شیوەی راپۆرتیکی سیاسی تحلیلی بخریتە بەردەم کۆنگرە بۆ پەسەندکردن. ئەم راپۆرتە جاریکی دیکە رەوتی ئالوگۆرەکانو رووداوو برگە گرنگەکانی، هەروەها بنەماو فاکتەرەکانی ئەمانەو سیاسەتو هەلویستو عەمەلکردی حیزب لەبەرامبەریاندا دەگریتە خۆیو سەرئەنجامیش جهەتگیریو ئەولەویەتەکانی ئیستاو داهاتوی حیزب لەبەر رۆشنایی ئەو لیکدانەوەیە لە هەلومەرجەکەو هەلسەنگاندنی خالە بەهیزو لاوازەکانی هەلسورانی دوو سالی رابردوو، دیاری دەکات.

هەوەها مەسەلەی چۆنیەتی کۆتایهینان بە داگیرکاری ئەمریکاو دەرهینانی ژیانو چارەنوسی خەلكو کۆمەلگا لە ژیر رکیفی هیزە قەومیو دینیەکانو سازدانەوەی ژیانی مەدەنی، بە دیاریکراویش مەسەلەی بەریخستنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری فراوان لە دەوری ریکخراوی (کۆنگرەی ئازادی عیراق) وەکو ئیبتکاریکی یەکجار گەورەو کەم وینەی حیزب، دەچیتە دەستوری کۆنگرەوە بۆ ئەوەی هەڵسەنگێندریتو لە پیناو گەشەپیدانو سەرخستنی ئەم پرۆژەیە بریاری پیویست بدریت.

وەزعی کۆمەلگای کوردستانو ریگاچارەی حیزب بۆ دیاریکردنی چارەنوسی کوردستان بە جیابونەوەو پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆ، لە ریگای بەرپاکردنی ریفراندۆمیکی گشتیو ئازادی خەلکی کوردستانەوە، بەندیکی ترە کە دەچیتە دەستوری کۆنگرەوە.

جگە لەمانە کۆمەلیك بەلگە نامەی گرنگ دەخریتە دەستوری کۆنگرەوە، لەوانە بەیاننامەی مافە جیهانداگرەکانی ئینسان کە ئەلتەرناتیوی کۆمۆنیزمی کریکاریە بۆ مافە حاشا هەلنەگرەکانی ئینسان بە یەکسانیو بێ ئەملاو ئەولا لەسەراسەری دنیادا، لەبەرامبەر تەواوی ئەو تەرحانەی کە لەسەر بناغەی بە فەرز وەرگرتنی چەوسانەوەو نایەکسانیو هەلاواردنی جۆراوجۆر، وە لە ژیر فشاری بزووتنەوەی کریکاریو سۆسیالیستیو یەکسانیخوازیدا، کۆمەلیك مافی کرچو کالو روالەتی بۆ ئینسان سەلماندوە. ئەم بەلگەنامە گرنگە کە لەلایەن هاورێ کۆرشی مدرسی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبو لیدەری حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران- حکمەتیستەوە نوسراوەو لەلایەن مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقەوە بریاری لەسەر دراوەو دەخریتە بەردەمی کۆنگرە.

مەسەلەیەکی دیکە ئالوگۆریکە کە دەبێ لە بەرنامەی حیزبدا پیکبیت. بە رووخانی رژیمی بەعسو پیکهاتنی ئالوگۆر لە مەسەلەو کیشەکانی کۆمەلگای عیراق، بەشی دووەمی بەرنامەی حیزب، بە تایبەتی ئەو بەشانەی کە پەیوەندی بە لەسەرکاربوونی رژیمی بەعسو هەولدان بۆ رووخانی ئەم رژیمەوە هەبوو، دەبێ ئالوگۆری بەسەربیت. ئەمەش کاریکە دەبێ کۆنگرە بریاری لیبدات. لە رووی بنەمای ریکخراوەییشەوە، چ بە هۆی رۆچونی زیاتری حیزب بۆ ناو کۆمەلگاو هەنگاوەکانی بەرەو گۆران بە حیزبیکی سیاسی جەماوەری، چ ئەو ئالوگۆرو کیشمەکیشانەی کە بە هۆی جیابونەوە لە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی ئیراندا روویدا، پیویستی ئەوەی هیناوەتە پیشەوە کە بەلگەنامەی بنەما ریکخراوەییەکانی حیزب هەم وردترو هەم تەکمیل بکریت. ئەمەش دوبارە کاریکە لە ئەستۆی کۆنگرەدایە. ئەمانەو چەندین مەسەلەی دیکەش هەیە کە لە بارەیانەوە بریار دەخریتە بەردەم کۆنگرە. سەرئەنجام مەسەلەیەکی زۆر مهم هەلبژاردنەوەی کۆمیتەی ناوەندیە وەکو رابەرایەتی تازەی حیزب. بە بروای من ئەمەیان بۆ ئیستای حیزبی ئیمە لە جەرگەی هەلومەرجی ئیستای عیراقدا، مەسەلەیەکی زۆر گرنگو چارەنوسسازەو وەکو مەسەلەیەکی رۆتین نیە کە دەچیتە دەستوری هەر کۆنگرەیەکەوە. حیزبی ئیمە لە جیگاوریگاو دەورانیکی حەساسدا بەرامبەر کۆمەلیك کارو مەیدانو ئەرکیکی میژوویی قەراری گرتووە، ئەم کۆنگرەیە دەبێ رابەرایەتیەك هەلبژیرێ کە وەلامی پراوپر بەم موقعیەتە بداتەوە.

هەولدەدەین ئەم باسو بەلگەنامانە پیش وەخت بخەینە بەردەم هەمووان.

**خەسرەوسایە: لەکۆتاییدا ئەگەر بکری ئاماژە بەوەبدەیت کەبەشیوەیەکی گشتی جیگای ئەم کۆنگرەیە لەژیانی سیاسی حیزبدا چیەو چ تایبەتمەندیەکی لەگەل کۆنگرەکانی پیشووداهەیە و لەروانگەی بارودۆخەکانی ئیستای عیراقەوە چ چاوەروانییەکتان لیی هەیە؟**

ریبوار ئەحمەد: بە بروای من خودی بارودۆخی لەرادەبەدەر حەساسی ئیستای عیراقو ناوچەکە، هەم حیزبی ئیمەی لە جیگایەکی حەساسدا قەراردادوەو هەم ئەم کۆنگرەیە. ئیمە نزیك بە سالو نیویکە باس لە پیویستی ئەم کۆنگرەیە دەکەینو هەول بۆ بەرپاکردنی دەدەین. ئەمە لە خۆوە نیە، ئەمە تەنها بەشیك لە ژیانی رۆتینی حیزب نیە کە دەبی پیادە بکری، بەلکو وەلامدانەوەیە بە دەورانیکی میژوویی گرنگ کە کۆمۆنیزمی کریکاری لە عیراقدا لەگەلی بەرەو رووە. چاوەروان دەکریت ئەم کۆنگرەیە ریگاچارەی کارساز بۆ دەربازبوون لەم وەزعە کارەساتبارە بخاتە بەردەم کۆمەلگای عیراق، لە هەمانکاتدا ئامادەییەکانی خۆی بۆ رابەرایەتی کردنی بزووتنەوەی جەماوەری خەلکی عیراقو پیادەکردنی ئەم ریگاچارەیە، بەریتە ئاستی پیویست. لە یەك رستەدا چ وەکو تایبتمەندی ئەم کۆنگرەیەو چ وەکو چاوەروانیەکی دیاریکراو من لە کۆنگرە هەمە، ئەوەیە کە بتوانی حیزب بخاتە سەر سکەی تبدیل بوونی بە حیزبیکی سیاسی جەماوەری گەورەو ئالوگۆربەخش، چاوەروانی من لەم کۆنگرەیە ئەوەیە کە حیزب بەکردەوە ببیتە بەدیلی رزگاری کۆمەلگای عیراق لە سیناریۆی کارەساتباری ئیستا.